www.kurdistannet.org
24-5-2003 22:25

# سرووتەکانی ئەشق لە میحرابی کەلاوەدا!

پشکۆ نەجمەدین

دەتبا وەک پووشی دەمبا بۆ سێبەری بن نیوەدیواری کەلاوەیەک خەون.
بەرماڵەسێبەرێک لەژێر چنگەکرێی خۆر و باران و
زریانی زەماندا مانایەک لە رەنگی رانەگرتووە.
بەرماڵێک، لێرەدا گشت رۆژێک چەند شەقاوان پێش سپێدە،
ریشە سپییەکەی باوک چوار ماچانی لێ دەچاند و بە ئاوی دوعاکانی دایک سەوز دەبوو. .
دەکاتە پشکۆیەک ئەم خەونە و
هەر بستێک ئەولاتر لە سێبەر، لە چاوی پڕ سیحری ماڵێکدا دەتنێژێ. . .
ماڵێک ئاوەدان بە گەرمیی دەستە فریشتەییەکانی دایک و
سەرڕێژ لە رووناکایی وێرد و تەهلیلەی خەڵوەتکێشانی باوک. . .
لێرەدا، لە نێو دڵی شیخاڵشیخاڵی کەلاوەیەک کە رۆژگارێک لێوانلێو
لە حەرفەکانی ئەشق و هەڵژەنراو لە بۆنی گوڵاوی جووتبوون،
ئەمێستا لەژێر قورسایی ئەو نزا باڵسووتاوانەی بە هیچ شوێنێک نەگەیشتن،
بە ونبوون و دابڕان سیخناخ!.
لێرەدا، لەسەر دەستە پڕ فەرەکانی خۆرەتاو،
لە شوێنونبوونی ژانی ژنێک، دڵێک لە پێکەنین بزووت و
جەستەیەک لە خەون پڕ بوو لە گوڵ، بوو بە رووبار و
لە توێی شەپۆلاندا شارێک کەوتە سەما. . .
ژانی ژنێک هەناسە وەبەر ماڵێک دەکا. .
ماڵێک بە غەریزەی مانەوە بە چرۆ دەخەملێ و
باخێک لە وەنەوشە دەبێتە شار؛
شارێک، لە گوناهستانی خۆیدا، لە مولحیدبوونی بەندە یاخییەکانی و
دڵڕەقیی خوا، دەبێتە کەلاوە!.
تۆ!. . . لە باخچەی لەڕەنگ بە جێماوی کەلاوەشارێکدا دەبیتە دارستان. .
هەتاکو یادەوەریت بڕ بکات:
درەختە و ئەستێرەی گرتووە،
کانییە و گۆرانی بۆ جوانیی مانگ دەڵێ،
خونچەیە و هەناسەی کازیوە هەڵدەمژێ،
ئاشقە و لە زەویی ئەویندا دەڕەقسێ!. .
لە چاوی خەوندا هەڵدەچی!. دەبیتە دوو دەستی دوعایەک.
دەگەیتە بەر تەختی خواوەند و ئیتر تۆ:
توێژاڵێک لە گڕ و دەکشێیتە فەزایەک لە نووری خودایی و
دووبارە دەڕژێیتە نێو کۆچە و شەقام و نێو حەوشەی
ئەو ماڵەی سەردەمێک ماڵێک و
شارێک و
جیهانێک لە خەون و

تەمەننا و هیوا بوو!. . .
کانییەکەی بەرمالان، شاتوویەک بەهاران بە پەلکەزێرینە،
هاوینان بە مزریی چێژێک و بە بۆنی بەرۆکی کچۆلان داپۆشراو. . .
چنارە گەورەکەی سەر حەوزی مزگەوت و سەرسەکۆی پڕ ئەشقی
مورید و خواناسان، سەرچلی دەتکاتە ریشۆلە و لەویوە هەلدەفڕی. .
فڕین بەرەو:
ئەو فەزایانەی بە زەوی ناگەنەوە،
ئەو رۆشناییانەی ژوانێکیان لەگەل تاریکیدا نییە،
ئەو ( کانیشێخ) و ( کولەبۆن) و ( حەمەوخان) ـانەی
کە بۆنی کتێبەکانی کیمیا و شووشەی بەتالی مەینۆشانیان لێ دەرژێ!. . .
بەرەو (کانییەقولکە) و ( کانیئاشقان) ەکان کە هێشتا
( بەندی سوخمەی ئالی گولنار) ی دولبەرانیان بە ئاهی
( تایەربەگ) دەترازێن!. .
بۆ ژێر گورزەتیشکی پەنجەرە ئالووالاکانی مالێک کە لەوێدا
( بەگزادە) دامەکەی بە ( سۆن) دۆراند!.
چ دۆڕانێکی ئەبەدی بوو!.
بفڕە!. .
فڕینێکی بێ نیشتنەوە، بەرەو ئەو قاپییە بە ئاستەم درزتێکەوتووەی
بە ئاسمانی کولانی پشتەوە هەلواسراوە. . (چرۆ) یەک بە کراسێکی مۆری
نیوەڕووتەوە، بەرقێک لە حەزی ئەشقێکی شەرمێونی کچۆلانەت تێ دەگرێ و
جورئەتی وەرگرتنی نامەیەک ناکا کە بە ئارەقەی دلت خووساوە!. . . بەرقێک کە دەهرێکە لە ناختدا
تیشک دەهاوێ!.
بفڕە چاوی ئەو ئەستێرانەی شەوانە بەدەم وەنەوزدانی دەرسەکانی ماتماتیکەوە پەلیان دەگرتیت و
تەختێکیان لە ریحانە لەگەل ئەو (گولە)
تازە بە ژنبووەی دراوسێتان بۆ چێ دەکردیت.
هەر بستێک ئەولاتر، ئەلقەرێزی ئەو دەروازە مەمکرێژە راوەشێنە!
وەژوور کەوە!. . حەوشەکە بەردرێژە. . تارمەکە خشتی سوور. . پەنجەرەکان بە ڕەنگی گێلاس. .
گمەی کۆترەکان و ئاخ و ئۆخژنی ژنە ئالۆشنەکەی کرێچیتان، وک هەمیشە یەکدی دەخۆنەوە!.
بفڕە!. . .
لەسەر پشتی کاکێشان کوختێک لە ماچەکانی بەرائەت بۆ راکشانی رۆحت
هەلبچنە!
لە دارکاژەکانی کوفر و بزمارەکانی یاخیبوون تابوتێک بۆ جەستەت
ساز بکە!
لە تیشکەلانی ئەستێرانەوە تاوێرێک تیشک بۆ ئەشکەوتی ئەسحابان
بهاوە!
گڕ بەردە لە تاریکستانی سەدەکانی سڕبوون و شمشێرە ژەنگاوییەکانی موعجیزە!
ئەو پردانەی فەلسەفەی جەنگە دۆڕاوەکانیان بۆ گۆڕستانەکانی سەرکەوتن

پەڕاندەوە، هەڵتەکێنە!
تیرۆژێک لە رووخساری خوا بەسەر خەراباتی شاردا کە تroووسکەی نووری
خامۆشە، بڕژێنە!
لە تێفکرینی ( حەزرەت) * بۆ خەراباتی دنیا لەو بەرزەوە رابمێنە!
بۆ خراپەی ئەهلی بەدمەستانی، سوجدەی شەفاعەتێک بەرە!
لەگەڵ خوادا پەیامی نەنیشتنەوە لەسەر ئەم ( وێرانە خاک) ە ببەستە!
لە وێرانیی ئەم شارە شپرێوەدا جێگایەک بۆ پاکیزەیی تۆ و
بەرائەتی فریشتەکانی ئەشق نەماوە!
لە ساپیتەی یەقینرێژی ئەم ماڵە بێ دەنگ و رەنگەدا،
درزێک بۆ پێدزکەی گومان و
پرس و
تێهزرین نەماوە!.
مەنیشەوە!

هیچ نەماوە!.
٨ _ ١١ / ٤ /٢٠٠١
+حەزرەتی مەحوی کە دەفەرموێ:
شوکر هوشیارە (( مەحوی )) تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم!

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت